# شەقامەکان پاڵ دەکەون؟



ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری کرێکار دێنە ناو شاری هەولێرەوە بۆ کارکردن **(عەبدولوەهاب)ی تەمەن ٣٤ساڵ یەکێکە لەو کرێکارانە کە ڕۆژانە دێتە هەولێر بۆ کارکردن و ئەو دەڵێت:** ڕۆژانە لێرە بە ٢٠ هەزار دینار دەچمە سەرکار، بەڵام کارەکەی ئێمە هەموو ڕۆژ نییە. ئەو هۆکاری هاتنی بۆ هەولێر بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە شارەکەی خۆیان هەلی کارنییە، بگرە ئەگەر هەشبێت زۆر کەمە و پارەکەشی هەر کەمە. ڕۆژانە دەبینین زۆرێك لەو کرێکارانەی کە هاتوونەتە هەولێر لەسەر شەقامەکان یاخود هەر شوێنێك کەسێبەری لێبێت بە کۆمەڵ پاڵدەکەون، ئەم کرێکارە هۆکاری ئەمەی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی کار، چونکە کرێکارە عەرەبەکان تا پاش نیوەڕۆ دەمێننەوە هەر وەك **(عەبدولوەهاب) دەڵێ :** ناحەقیشیان نییە، چونکە هیچ شوێنێکی تریان نییە بۆی بچن و کەمێك تیایدا پشووبدەن. لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: زۆرسوپاسی خەڵك و حکومەتی هەرێم دەکەم هەرچەندە ئێمە بۆ کارکردن دێین، بەڵام پێشوازییەکی گەرممان لێ دەکەن.

**(یاسین عەبدولوەهاب)یش گەنجێکی تەمەن ٢١ ساڵەیە و بۆ کارکردن هاتۆتە هەولێر و ئەویش بەم شێوەیە بۆمان دووا** «ئێمە چەند کەسێکین بەیانیان زوو دێینە هەولێر دواتر یەکێك دەمانبات بۆ کارکردن بەنرخێکی هەرزانتر لە کرێکاری ئەو شارە. ئەو کرێکارە ئاماژە بەوە دەدا کە هۆی پاڵکەوتنیان لە سەر شۆستەکان و شەقامە سەرەکییەکان کە دیمەنێکی تا ڕاددەیەك ناجۆری هەیە، ئەوەیە کە هەندێکجار خاوەنکارەکان ئەوان نابەن بۆ کارکردن بۆیە لێرە بێئیش دەمێننەوە و بە ناچاری تا پاش نیوەڕۆ لێیرادەشکێن و پاڵدەکەون، دواتر دەچنەوە مەخمور و ئەو شارانەی کە لێیهاتوون. وتیشی: بەو گەرمایە ناچارین لێرە پاڵبکەوین، چونکە هیچ شوێنێکی ترمان نییە لێیبحەسێینەوە. ئەو پارەیەش کە لە کارکردنی ئێرە دەستمان دەکەوێت دەتوانین پێوەی بەڕێوەبچین، چونکە شارەکانی تری عێراق کاری کەمی لێییە و پارەکەشی کەمە، بەڵام لێرە هەلی کار زیاترە و پارەکەشی زیاترە.

**(زین نوری) تەمەن ٢٩ ساڵە و ماوەی پێنج مانگە بۆ کارکردن دێتە هەولێر، ئەو لەو بارەیەوە دەڵێت :** ئێمە بە هەرچەند و نرخێك بێت دەچین بۆ کار، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕۆژەی دێین بۆ کار بە دەستی بەتاڵی نەچینەوە. سەبارەت بەو کرێکارانەی کە لە ڕۆخ شەقام و شۆستەکانیش بەبەرچاوی خەڵکەوە پاڵدەکەون دەڵێ : بەڵی ڕاستە بە تایبەت کاتی نیوەڕۆیان هەندێك لە کرێکارەکان لەسەر ڕێگەی خەڵکی ڕادەکشێن، ئەگەر شوێنێکی تایبەتیان هەبێت لەوێ ڕابکێشێن ئاساییە، بەڵام لێرە و بەم شێوەیە منیش پێموایە کارێکی ناشیرینە، بریا حکومەتی هەرێم شوێنێکی بۆ دابین دەکردین و خۆشمان و خەڵکیش لەم جەنجاڵی و شۆستە گرتنە ڕزگار دەبین..

## کرێکارانی خۆشمان گلەییان هەیە

بێگومان زۆربوونی ژمارەی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان کار لە دەستکەوتنی هەلی کار بۆ کرێکارانی خۆمان دەکات. لەم ڕووەوە **(ئەحمەد ئەنوەر) دەڵێ:** زۆربوونی کرێکارانی دەرەوەی هەولێر کاری کردۆتە سەر کاری ئێمە، هەروەها ڕۆژانەکەشمان کەمبۆتەوە، چونکە کرێکارە عارەبەکان بە نرخێکی زۆر هەرزانتر دەچنە ئیش، ئەمەش وا دەکات کە کار بۆ ئێمە کەم ببێتەوە، چونکە بەو نرخەی کە ئەوان پێ دەچنە سەر ئیش ئێمە ناتوانین بەو بڕە پارەیە بچین و بۆیە داواکارم لە حوکمەتی هەرێم چی تر ڕێگە بە کرێکارانی بیانی نەدات بەو ژمارە زۆرەوە بێنە ناو هەرێم، چونکە کارەکە خۆی بەرەو کزی و لاوازی دەڕوات و هێندەی دیکە بێکاری پەرەدەسەنێت.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەحمەد، وەستا **(وەلید عوسمان) دەڵێ** «من زۆرم پێخۆشە ئەو کرێکارە عارەبانە لێرە کار دەکەن، چونکە لە کرێکارەکانی خۆمان زیاتر خۆیان ماندو دەکەن و زیاتریش ئیش دەکەن بە پارەیەکی کەمیش، من ناڵێم کرێکاری خۆمان ئیشکەرنین بە پێچەوانەوە ئیشکەرن، بەڵام زیاتر هەوڵدەدەن خۆیان بدزنەوە، بەشتێکی زۆر ئاسایی دەزانم کە داواش بکەم حوکمەت لێبگەڕێت زیاتریش بێنە ناو شارەوە، چونکە سەردەمانێك بوو ئێمە دەچووین بۆ موسڵ و شوێنەکانی تر بۆ کارکردن بۆ ئەوەی تیکەیەك نان بۆ ماڵ و منداڵمان پەیدابکەین، ئێستاش ئەوان پێچەوانەی ئێمەن، چیتێدایە ئەگەر ئەوانیش لێرە نانێك بەهۆی ئێمەوە پەیدا بکەن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بەڕاستی هەلی کاری زۆر تێدایە و ناوچەیەکی ئارامە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا (هەژار ڕواندزی ) پاڵکەوتنی ئەم کرێکارە عەرەبانە لەسەر شەقامەکان بەم شێوەیە بە کارێکی ناشیرین وەسف دەکات و دەڵێ «بەبەردەوام ڕۆژانە بێرەدا هاتووچۆ دەکەم، بەڕاستی کارێکی نەخوازراوە، چونکە لەلایەك زۆرم بەزەیی پێدادێتەوە، لەلایەکی تر زۆر بە ناشیرینی پاڵدەکەون. جا داواکارم لە لایەنی پێوەندیدار شوێنێکیان بۆ دابین بکات، چونکە هەریەکێك لە ئێمە کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ بێرەدا تێپەڕێت دەبینێت ئەو کرێکارانە لەبەر ئەو گەرمایە ڕاکشاون، بەزەیی پێیاندا دێتەوە.

**کرێکارێکی کورد:هاتنی کرێکارانی عەرەب کاری کردۆتە سەر کارکردنی ئێمە و نرخەکشی**

# کچان بۆچی لەقەیرەبوون دەترسن؟

**ژیانی مرۆڤایەتی پێویستی بە بەردەوامی و درێژە پێدان هەیە، ئەم بەردەوامییە لەئەنجامی پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیریەوە دروست دەبێت، لەم پرۆسەیەدا هەردوو رەگەز بەشدار دەبن، بەڵام مەرج نییە هەموو تاکێك بەشدار بێت لەم پرۆسەیە، زۆر بارودۆخ هەیە کە رێ لە گەنجانی کچ و کوڕ دەگرێت و دەبێتە کۆسپ لەبەردەم هاوسەرگیری و بنیاتنانی خێزاندا.. مرۆڤ کە لە تەمەنی گەنجێتیدا نەیتوانی خێزان پێکبهێنێت، بێگومان بەختی ژنهێنان و شووکردنی کەم دەبێتەوە، ئەم حاڵەتە پێی دەوترێت «قەیرەیی» کە بەپێی کات و شوێن لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی ماناکەی و رێژەکەشی دەگۆڕێت. ئەم حاڵەتەش دیارە کە هەردوو رەگەز دەگرێتەوە، بەڵام رەگەزی مێ زیاتر قوربانیدەر دەبن، هەربۆیە لەکۆمەڵگەی ئێمە کچانی قەیرە زیاتر دەبینین.**

### هۆکارەکانی قەیرەیی

کچانی قەیرە قوربانیدەری دەستی بیرکردنەوەی عەقڵی کۆمەڵگە و خێزانن **«رێزان عبدالله» پێیوایە** کە چەند هۆکارێك هەیە کەوا دەکات قەیرەیی زۆر بێت، یەکێك لەو هۆکارانە خێزانە کەوا لەکچەکانیان دەکەن ببنە قەیرە و نەهێڵن شوو بکەن، چونکە لەکاتی گەیشتنان بە تەمەنی پێگەشتنیاندا چەندان گرفت و کێشەیان بۆ دروست دەکەن. هۆکارێکی دیکەش خودی کچەکان خۆیانن ئەم قەیرەیە دروست دەکەن، بۆ نموونە لەکاتی داخوازیاندا لەلایەن کەسێکەوە چەندان داواکاری قورس و سەخت پێشنیار دەکەن، لەبەرامبەردا کوڕەکەش توانای دابینکردنی ئەو داواکاریانەی نییە.

لەلایەکی ترەوە «ناز ئەنوەر» کە قوتابی زانکۆیە و وەك کچێك رایوایە: لەکۆمەڵگەی کوردیدا قەیرەیی وەك حاڵەتێك پێدەچێت زۆربەی کچەکانی ئێمە ترسێکیان لەبەرامبەریدا هەبێت، بەتایبەت لەوخێزانانەی کە بڕیاری چارەنووس و یەکلاکەرەوە بەدەست رەگەزی نێرەوەیە، دەسەڵاتی پیاوسالاری لەم خێزانانەدا وایکردووە قەیرەیی دروست ببێت و مافە سەرەتاییەکانی دیکەی ژیان لەناوبچێت. لەم خێزانانەدا بەهیچ جۆرێك خواست و ئارەزووی کچ بۆ هاوسەرگیری وەرناگیرێت، بۆیە کچیش بەرپەرچدانەوە و پێداگیرییەکی زۆر دەکات و لەئاکامدا وەك قەیرەیەك دەمێنێتەوە.

**بەڕای توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارەکانی قەیرەیی چەند لایەنێك دەگرێتەوە، هەروەك «دیدار نادر» دەڵێت:** لەکاتێکدا کچێك هەموو خواستی ئەوە بێت لەگەڵ کەسێکدا کە خۆی هەڵیدەبژێرێت ژیانی هاوبەشی لەگەڵدا دروست بکات، لەبەرامبەردا خێزان وەك دێوەزمەیەك راست دەبێتەوە و ناهێڵن کچەکەیان شوو بەو کوڕە بکات کە خۆشی دەوێت یان بڵێین بەدڵیەتی، کچەکەش وەك جۆرێك مانگرتن و شکاندنی قسەی خێزان بڕیاری شوونەکردنی هەتایی دەدات.

**بەڵام بەپێچەوانەی قسەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی «سامان محەمەد» بۆچوونی وایە** تەنیا هۆکار کچ خۆیەتی کە خۆی تووشی قەیرە بوون دەکات، هاوکات تەنیا کچ نییە تووشی قەیرەبوون ببێت، بەڵکو کوڕیش بەهەمان شێوەیە، بەڵام لەدواجاردا ئەو پێدەچێت هەر زەواج بکات، بەڵام ئەوە هەر کچەکەیە کە ناتوانێت یاخود نایەوێت هاوسەرگیری بکات.

**لەکاتێکدا «ناز ئەنوەر» دەڵێت:** ئێمەی کچان دەبێت نموونە و ئەزموونی کەسانی پێش



خۆمان وەربگرین تا نەکەوینە ئەو دەرەنجامە تاڵەوە، بەتایبەت کچێك پێداگیری بکات لەسەر ئەوەی دەبێت کوڕەکە ماڵ یاخود ئاڵتونێکی زۆری بۆ بکات یان خۆی بەراورد بکات بەکچە هاوڕێکانی، بۆئەوەی نەکەونە تەمەنێکی زۆرەوە دواتر بڕیاری هاوسەرگیری بدەن، بێگومان لەو تەمەنەشدا دەبێت لەگەڵ پیاوێکدا هاوسەرگیری بکات کە ژنی دووەم بهێنێت، جا کابرا بەهەر هۆکارێکەوە بێت مەبەستی هێنانی ژنی دووەم بێنێت.

لەنموونە زیندووەکانی قەیرەییدا **«جوانە کەریم» بەدەر لە نالەباری باری دەروونی و ئەو وتە ناخۆشانەی رۆژانە گوێبیستی دەبێت دەڵێت:** ئەگەر کچ یاخود کوڕ بزانێ بیستنی ئەو وشە چەندە ئازاراویە هەرگیز ناهێڵێت تووشی ئەو حاڵەتە بێت، کەسێکم خۆش دەویست بۆماوەی (٧) ساڵ، هەموو ژیانم کردە قوربانی، بەڵام ئەو تەنیا بۆماوەی (٦) شەش مانگ چاوەڕێی کردم، لەدوایدا ژنی هێنا و منیش تا ئێستا بەتەنیا دەژیم.

وەك دەرەنجامەکانی قەیرەبوون و ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی دروستبوونی، **توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت:** مەرج نییە هۆکاری قەیرەبوون تەنیا بنەماڵە بێت، بەڵکو زۆرێك لەکچان بەهۆی پرۆسەی خوێندن، یان پێدەچێت بەختی نەبووبێت، یان خۆی نیازی بەکەسێك هەبووە و ئەو کەسەش ئاگادارنەبووە، لەهەموو حاڵەتەکاندا بیرکردنەوەی خودی کچەکەیە دەبێتە فاکتەر، ئەگەر خێزان رێگربوون لەهاوسەرگیری ئیدی نابێت کچیش پێداگیری بکات، چونکە لەهەموو حاڵەتەکاندا تەنیا کچ زەرەرمەند دەبێت.

لەهەموو ئەو فاکتەرانەی ئاماژەیان پێکرا، دەبینین قەیرەیی هێشتا نەبۆتە دیاردەیەك تەنیا وەك حاڵەت هەیە، بۆیە دەبێت رەگەزی مێ کاتێك تەمەنی دەگاتە ئەو ئاستەی کە ئیدی دەتوانێت خێزانێك بۆخۆی پێکبهێنێت، بڕیاری کۆتایی بدات، چونکە بیرکردنەوەی تاکەکان ئەگەرچی لەخێزانێکیشدا وەك یەك نابێت، بڕیاردان لەسەر چارەنووس، بڕیارێکی زەحمەتە، زۆرجار پێویست بەهاوکاری خێزان دەکات، ئەگەر باوك یان کەسێکی دیکەی خێزان کەسێك وەك هاوسەر هەڵبژێرن ئەمە مانای ئەوە نییە کە باوك دژی کچەکەیەکی، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەو حاڵەتە پێویست بەدژایەتی و مانگرتن ناکات، لەدواجاردا خودی کچەکە پەشیمان دەبێتەوە.

# (بەهــزاد) بێتــ

**تا لە بەندیخانە ئازاد کرا قیرسپی بوو**

(بەهــزاد) کــە لــە کونجێکی بەندیخانــەدا و بــەدەم خــەم و خەفەتەوە، توند توند مژی قووڵی لــە جگەرەکەی دەدا و دوکەڵەشــی بەبا دەکرد، خەیاڵ بردبوویەوە و ئەوەی بە چاوی خۆی دەیدیت باوەڕی نەدەکرد و لە دڵی خۆیدا دەیــوت: کوڕە بابە وەڵڵا بە هەڵەدا چووینە باشە قابیلە نەزانــن ئەمن ئەو بەهزادە نیمە کــە کەتنەکەی کردییە؟ ئەمن لە کێ و پڕدانە کچی خە ڵکــی لەکێ!! ســەیر لەوەدایە برا گەورەکەی لەکنە خوا بی زەلامەکی عاقڵە، کەچی بەمن دەڵێ: راوەســتە بۆم شــەرتبی دەبی لە بەندیخانەت بترزێنمەوە هەی ناکــەس بەچە، لات وایە نامووســی خەڵکی فشــەیە.. من لە چ حاڵێکدا بووم و کاکیشــم لــە چ حاڵێك، ئاخر کابرا دەجارێ بەملی شکاوت سەبرەکی بگرە بزانین دادگا چ دەڵێ. (بەهزاد) لــەو تێفکریــن و خەیاڵاتانەدا بوو کە چاودێری هۆڵەکە پڕ بە دەنگی خۆی هــاواری کرد کە (بەهزاد) پاش چەند خولەکێك خۆی کۆبکاتەوە و بێتە دەرێ بۆ پێش دادوەر. (بەهزاد) بەخەمباری و دڵتەنگی سەری بادا و وتی: وابزانم تا دادگا تاوانباری راستەقینە دەستگیر دەکات پێســتم دەچێتــە دەباخانــە. بەهەرحاڵ (بەهزاد) خۆی ساز کرد و دوای نیو کاتژمێر لە بەردەم دادوەر ئامادە کرا، دادوەر لێیپرسییەوە: تۆ ئەوە هەفتەیە کەلێتدەپرسم هەر دەڵێی نازانم و ئەمن نیم. ئەی باشە کێ وای لەم کچە کردووە؟ (بەهزاد) سەرسوڕمانی خۆی لە پرســیارەکەی دادوەر نیشاندا و وتی: جەنابــی دادوەر ئێوە لە ختوخۆڕایی منتــان گرتووە، ئەوە چەندیــن جارە هەر ئەو پرسیارە لەمن دەکەنەوە، باشە خۆ تــاوان دانە پاڵخۆ بەزۆر نییــە، ئێوە کــە بەڵگەیەکتان لەســەر من نییە کــە من ئەم تاوانەم کردبێ ئەوجا لێشــم دەپرسن کێ ئەو تاوانەی کردییە، کە بەخۆتان نەزانن منی قوڕبەسەر لەکێ بزانــم..؟ دادوەر بڕیاری دا دووبارە ببرێتەوە بەندیخانە. (بەهزاد) یان لۆژ لــۆژ هێنایــەوە بەندیخانە، برادەرەکانــی لــە دەوری کۆبوونــەوە و لێیانپرســی هــا چیبــوو، ئەویش



# ـــاوان دەرچوو ..!!

خەندەیەکی تەوساوی بۆ کردن و وتی: کوڕە بابە لە نێوچەوانم نووسراوە، سەرم لە ناو ئەو بەندیخانەیە سپی بکەم دەنا قوڕبەسەری وەك من ئەوەندە بەدبەخت دەبوو. ئاخر بڵێ بۆ تەنها ناوی من ئەوها دەرچوو. هەفتەی دووەم دیسان (بەهزاد)یان بردەوە لای دادوەر، ئەمجارە کچەکەشیان هێنابووە بەردەم دادوەر رووبەڕوو لەبەرامبەری راگرت و دادوەر لێپرسی ئایا ئەوە هەوە؟ کچە ئەمجارە وتی: نا، (بەهزاد) کە تا ئەو کاتەش هەر بە بێموبالاتی تەماشای کچەی دەکرد، کە گوێی لەم وشەیە بوو یەك بەخۆی هاواری لێهەڵساو وتی: هەی جەنابی دادوەر ئەها بە هۆش خۆی هاتۆتەوە، چموت نەموت ئاگای لە خۆی نییە، بۆیە لەهیچ و خۆڕایی بەملی منی داهێناوە. نەموت ئەو کچە زراوی رژایە و لە ترسان فکری تێکچووە. پتر لەنیو کاتژمێر مانەوە، دووبارە (بەهزاد) فڕێدرایەوە بەندیخانە. دادگا بڕیاریدا کچە بنێردرێتە لیژنەی پزیشکی. دوای دوو هەفتە وەڵامی لیژنەی پزیشکی هاتەوە کە ئەم نەخۆشە ماوەیەکە لەژێر کاریگەری زەبرێکی دەروونی دایە و دووچاری شۆك بووە، بەڵام وا وردە وردە بەرەو چاکبوونەوە دەچێ و ئیستا حاڵی باشە. (بەهزاد) دیسان بانگ کرایەوە و هەمان لێکۆڵینەوەی جارانی لە تەك کرایەوە، دوای ئەوەی دادگا بۆی روونبۆوە کە تاوانباری راستەقینە (بەهزاد) نییە، دادوەر بڕیاری دا کە ئازاد بکرێت. (بەهزاد) کە گوێی لە بڕیاری دادوەر بوو هیچ شتێکی نەوت و نەکرد. دادوەر سەری سورسوڕما و پێی وت: چییە دڵت خۆش نییە ئازاد کرای؟ (بەهزاد) وتی: جەنابی دادوەر، ئەوجا دڵم بەچی خۆش بی، خۆ من وا لە بەندیخانە راهاتووم و هۆگری ئەوێ بوویمە و من و زۆری وەکو منیش هەیە لە سەر تاوانێك کە نەمانکردووە لە کونجی بەندیخانە نراوین و ئازادیش ناکرێین ئەوە چییە جارێ تاوانباری راستەقینە نەگیراوە.

**ئەی تاوانباری راستەقینە کێ بوو؟**

پاش دەردەسەرییەکی زۆر ئەوجا (بەهزاد) ئازاد بوو، خەفەتی ئەو و کەسوکارەکەی ئەوە بوو (بەهزاد) ئەو رۆژە بەرێکەوت بەو شوێنە داچووە کە تاوانەکەی لێڕوویدا. ئەسڵی رووداوەکەش بەم شێوەیە بوو: رۆژێك دەمە دەمی پاش نیوەڕۆ بوو، کچێك کەناوی (گزنگ) بوو، کچێکی تا بڵێی جوان و نازدار بوو، لە ماڵ هاتۆتە دەرەوە لەو کاتەش شێتێك بەوێ دادێت و چاوی پێیدەکەوێت، پڕی دەداتێ، کچەی لەبنەخۆ دەنێت و بە ئامان و زەمان بەرینادات. بەرێکەوت (بەهزاد)یش رێی بەوێ دەکەوێت، ماڵی (بەهزاد) کۆڵانێك لە ماڵی کچە دوور دەبێت، رێکەوتە سەیرەکەش لەوەدایە کە (بەهزاد) یەکێك بوو لەوانەی کە زۆر شێت و شەیدای کچە بوو، ئەوجا کە بەوێ دادێت و شێتەکە دەبینێ، پڕدەداتە شێتەکە و دەکەوێتە سەری و تێروپڕی لێدەدات، شێتەکەش لە تاوی روحی خۆی، یەك بەخۆی رادەکات و وەك بروسکە خۆی بزر دەکات و کچەش لە ترسان دەبوورێتەوە، ئیتر خەڵك و کەس و کاری کچە دێنە دەرێ، کە ئەم وەزعە دەبینن چاویان دەچێتە پشتی سەر و بێپرسیار و وەڵام دەکەونە گیانی (بەهزاد) و تێر و پڕی دەکوتن. ئینجا هەر بەو حاڵەشەوە ئاگاداری پۆلیس دەکەنەوە گوایە بەسەر تاوانەوەیان گرتووە و پۆلیسیش راپێچی بنکەی دەکەن و دوای لێکۆڵینەوە کردن لەگەڵی پەڕاوەکەی رەوانەی لای دادوەری ئێشکگر دەکەن و ئەویش بێسێ و دوو رەوانەی بەندیخانەی دەکات تا بەیانی. ئەو هەموو ماوەیەش کە لەبەندیخانە دەهێڵدرێتەوە هەر لەبەر ئەوە بووە، چونکە لەلایەك کچە لێیتێکچووبوو لەلایەکیش شێتەکە کە تاوانبارەکە بوو دەستگیر نەکرابوو. بەهەرحاڵ کاتێك کە هەموو شتێك بۆ دادگا و بۆ خێزان و کەسوکاری کچە ئاشکرا بوو، لە شەرمان نەیاندەزانی چ بکەن و چ بڵێن، بۆیە هەر بۆ گەردن ئازادی و قەرەبوو کردنەوەی ئەوەی کە بە هەڵە کراوە شەوێك ماڵی کچە هەواڵ بۆ ماڵی (بەهزاد) دەنێرن کە دەچنە میوانیان، ئەوانیش ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن کە سەرەڕای هەموو شتێکیش ئامادەی پێشوازیانن. کە دەبنە مێوانیان و داوای لێبووردن و گەردن ئازادیان لێدەکەن (بەهزاد) دەڵێ: بەخوا تازە ئەو ماوە دوور و درێژە گیراوە بەهیچ شتێك قەرەبوو نابێتەوە تەنیا بەشتێك نەبێ ئەوانیش دەڵێن ئامادەی هەموو جۆرە قەرەبوویەکین. ئەویش دەڵێ: خۆ ئێستا هەموو لایەك بۆی دەرکەوت کە ئەو کەتنەی کە روویدا من نەبووم، ئەوانیش دەڵێن وایە، (بەهزاد)یش دەڵێ: دەباشە وەڵڵا ئامادەم دیسان بچمەوە بەندیخانە بەس کچەکەم بدەنێ. هەموو دەدەنە قاقای پێکەنین و مامۆستای مزگەوتەکەی گەڕەکیش کە لەگەڵیان دەبێ دەڵێ: ئەشەدووبیلا موستەحەقی خۆیەتی بیدرێتی. ئیتر دەیکەنە رەسمیات و رەزامەندی نیشاندەدەن لەسەر پێشکەشکردنی کچە بە (بەهزاد)..

# پەیوەندی نێوان پزیشک و نەخۆش

هەر نهێنییەك كە لەسەروەختی دەرمانكردنی نەخۆشەكانم دەستم دەكەوێت، یا دەیانزانم، یانیش گوێم لێیان دەبێ، هەرگیز، لە دەرەوە، لە ناو خەڵكیدا باسیان ناكەم، ئەوجا هەر كەسێك بە جوانی كاری بەناوەڕۆكی ئەم سوێندە كرد و هیچ برگە و بەشێكی سوێندەكەی نەشكاند، شایانی ئەوەیە ئەم پیشەیە بكات و بە جوانترین و باشترین كار بۆی وەحسێبكرێ، هەقیەتی ئەگەر هەموو خەڵكیش چاكەی بۆ بخوازن و نزای خێری بۆ بكەن.

(هیپۆكرات)



د.وڵات ئیبراهیم: ئەگەر پێوەندی نێوان پزیشک و نەخۆش لەسەر بنەمای رێز بوو ئەوا متمانە کردن بە پزیشک و دامەزراوەی پزیشکی توندوتۆڵ دەبێت

**زانای پزیشكی بەناوبانگ (ئیبن سینا) دەڵێت:** ئەی نەخۆش گوێم لێبگرە من و تۆ و نەخۆشی كە سێ كەسین، جا پێویستە من و تۆ هاوكاری یەكتری بكەین بۆ ئەوەی دژی كەسی سێیەم كە نەخۆشیەكەیە بوەستین و گەر هاوكاری یەكتری بكەین، ئەوا بەسەر كەسی سێیەمدا زاڵدەبین و چارەسەری نەخۆشییەكەت دەكەم، لەم سۆنگەیەوە پێوەندی نێوان پزیشك و نەخۆش جگەلەوەی كە پێوەندییەكی تایبەتە و پابەندە بە بوونی نەخۆشییەكەوە، لەهەمان كاتیشدا مەودایەكی كۆمەڵایەتی و ئینسانیشی هەیە. بەڵام بەداخەوە لە كۆمەڵگەی ئێمەدا هێشتا لەو ئاستە دانییە كە سرووشتی پیشەكە و یاسا و بنەماكانی پیشەكە دەیخوازێت. بۆیە ئەم پێوەندیە پێوەندییەكی ئیشكالئامێزە. بۆ نموونە زۆر جار لێرە و لەوێ گوێبیستی ئەوە دەبین كە فڵانە پزیشك زۆر تورەیە و قسەی رەق و ناخۆشە لەگەڵ نەخۆش، یا دەرفەت بە نەخۆش نادات كە باسی نەخۆشییەكەی بە تەواوی بۆ بكات. یا دەبینین و دەبیستین كە بەشێك لە پزیشكەكانمان ئەسڵەن هیچ بایەخێك بە لایەنی دەروونی و مەعنەوی نەخۆش هەرنادەن. لەراستیدا هەردوو لایەنی هاوكێشەكە تەواوكەری یەكترن و ماف و ئەركیان لەسەر یەكە و هەردوولاش گرفت و كێشەی خۆی هەیە، وەنەبێ سەرچاوەی كێشەكان تەنیا پزیشك بێت، بەڵام ئێیمە لەم ریپۆرتاژەدا تەنیا ئەو بوارەی كە تایبەتە بە چۆنیەتی مامەڵەكردنی هەندێك لە پزیشكانمان لەگەڵ نەخۆشان دەوروژێنین، هەم بەمەبەستی بەرزكردنەوەی ئاستە كۆمەڵایەتی و ئینسانییەكەی ئەم پێوەندییە و نەهێشتنی ئەمجۆرە كولتوورە، هەمیش بەمەبەستی رەخنەكردنی...

بۆ ئەوەی بزانین جۆری ئەو پێوەندییە دەبێ چۆن بێت لەنێوان نەخۆش و پزیشكدا، سەرەتا پزیشكەكانمان دواند، ئنجا لەمەڕ سرووشتی ئەو پێوەندییەش، **یەكەم پزیشكێك كە لەو بارەیەوە بۆمان دوا دكتۆر (وڵات ئیبراهیم) بووكە پێیوابوو:** ئەگەر ئەو پێوەندییە لەسەر بنەمای رێزگرتن بوو، ئەوا متمانە لەنێوان هەردوولا دروستدەكات. خۆ دەشبێت دكتۆر بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ نەخۆش دەكات. لەگەڵ ئەوەدانیم كە دكتۆر خۆی لە نەخۆش توڕەبكات، چونكە نەخۆش كە دێت بۆ لای دكتۆر ئازاری هەیە، نەخۆشی و دەردی هەیە، خۆ بۆ شتێكی خۆش نەهاتووە، ئەوجا ئەگەر خۆی لە نەخۆش توڕە بكات، بەڕاستی ئەو نەخۆشە هیچ متمانەیەكی بەو دكتۆرە نامێنێت و دكتۆرەكەش ناتوانێت چارەسەری بكات، لەوانەیە شتێكی بداتێ كە پێویستی پێنەبێت، هەروەها لەوانەیە ئەو نەخۆشە جارێكی تر هەر نەچێتەوە لای ئەو پزیشكەش. سەبارەت بەهۆی ئەو جۆرە هەڵسوكەوتە نەخوازراوەش د.وڵات هۆیەكەی بۆ ئاستی رۆشنبیری دكتۆرەكە دەگەڕێنێتەوە، چونكە پێیوایە زۆرجار نەخۆش نەك بەدەرمان و تیشك و سۆنەر، بەڵكو بە قسەیەكی پزیشكەكە چاك دەبێتەوە، بەڵام هەشە پێیوایە كە نابێت پزیشك ئەوەندە پێوەندییەكەی خۆی لەگەڵ نەخۆش بەهێز بكات و لەبیری بچێتەوە كە ئەو تەنیا پزیشكە و



هەر لەو روانگەیەوە دەبێ بڕوانێتە نەخۆش.

یەکێـــك لەوانەی کە ئەو بڕواییەی هەیە دکتۆر (موعتـــەز حمادی)یە کە بەمجـــۆرە رای خۆی خســـتەڕوو: دەبێت پێوەندی نێوان دکتۆر و نەخۆش پێوەندییەکی دیاریکراو بێت و نابێت زیادەڕەوی تێدا بکرێت تاوەکو لەگەڵ بنەماکانی پیشەکە بگونجێت و ڕێزگرتن لە نێـــوان هەردوولادا بمینێت. هەروەها وتیشـــی: دەبێت دکتۆر نەرم و نیـــان و میهرەبان بێت لەگەڵ نەخـــۆش، بەتایبەتیش کاتێك نەخۆش نەخۆشییەکی وای هەبێت پێویست بکات دڵنەوایی بکرێـــت، ئەمەش وەکو پاڵپشـــتییەکی مەعنەوی لێدێت و دەتوانرێت بڕێك لە ئازار و مەینەتییەکانی نەخۆشەکە کەم بکاتەوە.

**نەخۆشێك: پزیشـــك هەیە نایەڵێ نەخۆش دوو وشـــەی لەدەم بێتـــە دەرەوە یەکســـەر دەرمانی بۆ دەنووسێ و بەڕێی دەکات**

پزیشـــك هەیە کاتێك نەخۆش سەردانی دەکات خێـــرا بڕیار دەدات یـــان بە تەواوەتـــی گوێ لە قســـەکانت ناگرێت، خۆ ئەگەر گوێشـــی لێگرت بەبێ موبالاتییەوە گوێـــی لێدەگرێت یان نەخۆش قسە دەکات ئەویش هەر سەیری دەکات وەك ئەوەی گوێزی بـــۆ بژمێری. لە نۆرینگەی پزیشـــکێك چاومان بەنەخۆشێك بەناوی (دەشتی کەریم) کەوت کە بۆ چارەسەر هاتبووە لای دکتۆر و باسی ئەوەی بۆ کردیـــن کە چۆن پێش ئـــەوەی بێتە ئێرە لای پزیشـــکێکی تر بووە و بەتوڕەییەوە بەجێیهێشتووە و هاتووە بۆ لای ئەم پزیشکە، ئیتر بەمجۆرە قسەی بۆ کردین و وتی «بەر لەوەی بێمە ئێرە بەر لە چەند رۆژێك چووبوومە لای دکتۆرێك وتیان دکتۆرێکی باشـــە، بەڵام بڕوات بێت کـــە چوومە ژوورەوە دوو نەخۆشی تری لا بوو، ئیتر هەندێ قسەی لەگەڵ نەخۆشـــەکانی تر کرد و پێی وتم دانیشە، چیتە، وتم دەمێکە بن پەراسووم ژان دەکات، سەماعەکەی بەســـنگمەوە ناو چۆوە ســـەر مێزەکەی، ئەمجارە ڕووی لە نەخۆشێکی تر کرد منیش پرسیارێکم لە دکتۆر کرد چ وەڵامـــی نەدامەوە، دووبارەم کردەوە نەخێـــر هەر وەڵامی نەدامەوە، وتم دکتۆر دەمەوێ بەتەنیا هەندێك پرسیارت لەبارەی نەخۆشییەکەمەوە لێبکـــەم، کەچی مۆڕەیەکـــی لێکردم و هەندێ دەرمانی بۆ نووســـیم وتی بـــڕۆ. ئاخر زۆر سەیرە پێش ئەوەی نەخۆشییەکەمی بە تـــەواوی پێبڵێم، وتی قســـان مەکە یەکســـەر دەرمانی بۆ نووســـیم. ئەمـــەش باری دەروونی و تەندروستیمی خراپترکرد، دواتر سەردانی ئـــەم دکتۆرەم کرد کە وا لـــە نۆرینگەکەیم زۆر بە ڕوویەکی خـــۆش بە پێکەنین، بـــەو پەڕی ڕێزەوە قسەی لەگەڵ کردم و گوێی لێگرتم، هەرلەڕووی دەروونییـــەوە زۆر لەگەڵی مورتـــاح بووم و دواتر چەند پرســـیارێکی لێکردم خۆشم بەکورتی باسی نەخۆشـــییەکەمم بۆیکرد، باش لـــە حاڵەتەکەمی کۆڵییەوە ئینجا چارەســـەری بۆ دانام و پێشی وتم کـــە دوای وەرگرتنی دەرمانەکانـــم بچمەوە لای تاوەکو تەماشـــام بکاتەوە و لە چاك بوونەوەم دڵنیا بێت. ئێســـتاش وا دەمبینی کە چـــاك بوومەوە و زۆر باشم..

(زیـــاد محەمەد) ئەویش بۆ چارەســـەرکردنی نەخۆشییەکەی هاتبووە شـــەقامی پزیشکان و بە نایلۆنی پڕ دەرمانی دەســـتییەوە دیاربوو تازە لای پزیشـــك هاتۆتە دەرەوە کە لە بارەی ئەم پێوەندییە پرســـیارمان لێیکرد بە پێکەنینەوە وەڵامی داینەوە و وتی»زۆر بەداخەوە پزیشـــکانی کورد هێشـــتا نەیانتوانیوە بگەنە ئەو ئاســـتەی کە بزانن لەگەڵ نەخۆش هەڵسوکەوت بکەن، بەلایەنی کەمەوە هەنێك لە برا پزیشـــکەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەخۆش جێگەی دڵخۆشی نییە، بەتایبەتیش لەنەخۆشخانە حکومییەکاندا، تەنانەت هەندێ پزیشـــك هەیە لە نۆرینگەکەشی کە ســـەری زۆر قەرەباڵغە لە دوو وشـــە زیاتر دەرفەتت پێنادات قسە بکەی و باسی دەردەکەتی بۆ بکەی. راســـتە هەندێك نەخۆشیش ئەگەر دەرفەت وەربگرێت لەوانەیە بیکاتە دیوەخان و نەبڕێتەوە، ئەو کەسانەش حەقیان نییە بە قسەی لابەلا کاتی پزیشـــك بکوژن، بەڵام مەبەستی ئێمە ئەو کەسانە نییە. رۆژێکیان چوومە لای دکتۆرێك قاچەکانـــم دەهێشـــا، منیش وتم دکتـــۆر دەبێت رۆماتیزمم نەبێت کەچی وەها خۆی لێ توڕەکردم کەوامزانی تاوانێکم کردووە. بۆیە نامەوێت جارێکی تـــر چاوم پێی بکەوێتەوە، وتـــی تۆ چۆن دەزانی رۆماتیزمت هیە چۆن ســـەربەخۆ قســـە دەکەی، باشـــە مـــن پزیشـــکم یان تـــۆ. ســـەیر لەوەدابوو دواترچوومـــە لای پزیشـــکێکی تر کە زۆر بەجوانی گوێی لێگرتـــم و بەڕێزەوە مامەڵـــەی لەگەڵدا کردم، کە وتم دکتۆر دەبـــێ رۆماتیزمم نەبێ وتـــی دڵنیابە لە هەموو هۆیەکـــی ئێشـــەکەت دەکۆڵـــمەوە و ئـــەو هۆیەش بـــەدوور نازانم ئینجا پاش ئەوەی کە هەندێك پشکنینی بۆم ئەنجامدا دەرکەوت نەخۆشـــییەکەم رۆماتیزم بوو، زۆر ئاســـاییە لە لای زۆر کەس بڵێم سەردانی ئەم دکتۆرەی یەکەم مەکەن، چونکە لەگەڵ ڕێزم بۆی ناتوانێت هەڵسوکەوت لەگەڵ نەخۆش بکات.

**لە کۆتاییشـــدا د.شـــێروان حوســـێن بۆچوونی خۆی بەم شـــێوەیە خســـتەڕوو و وتی:** بێگومان دەبێت پێوەندی نێوان پزیشـــك و نەخۆش بەهێزبێت، بەتایبەتیش لەڕووی دەروونی و متمانەوە، بەشێوەیەك کە نەخۆشەکە بتوانێت هەموو شتێك لای پزیشکەکە باس بکات و هیچ شەرمیش نەکات، هەروەها لەسەر پزیشـــکەکە پێویستە یەکجار ئارام بێت و زوو بڕیار نەدات و لەسەرخۆبێت و نابێت هەڵبچێت. پێویستە رەچـــاوی باری دەروونی و ئاســـتی کۆمەڵایەتی نەخۆش بکات، هەربۆیە زانایان دەڵێن (باشـــترین پزیشـــك، ئەو پزیشکەیە کە دوو خولەکی یەکەمی بینینی نەخۆش هیچ قســـەیەك ناکات، پێویستە پزیشـــك بە تـــەواوی گوێ لە نەخـــۆش بگرێت تاوەکو نەخۆشـــەکە هەموو قسەکانی خۆی تەواو دەکات، بـــەڵام زۆر بەداخەوە لـــە وڵاتی خۆمان هەندێ لە پزیشـــکەکان بـــە پێچەوانەی ئەمانەوە رەفتار دەکـــەن، بۆ نموونە کاتێـــك نەخۆش دەڵێ شوێنێکم ئازاری هەیە، ئەوا بێگوێدانە لایەنەکانی تر یەکسەر چارەســـەری بۆ دەنووسێت و بێئەوەی نەخۆشەکە قســـەکانی تەواو بکات. داواکارم پێش ئەوەی پزیشك دابمەزرێت، پێویستە چەندین خولی بـــۆ بکرێتەوە بۆئەوەی فێربکرێت کە چۆن بتوانێت مامەڵە لەگەڵ نەخۆش بکات یاخود چۆن بتوانێت هەندێك حاڵەت هەیە بە نەخۆشـــەکەی بگەیەنێت. چونکە حاڵەت هەبووە بۆتە هۆی ئەوەی ناخۆشی لەنێوان پزیشـــکەکە و نەخۆشـــەکە دروست بێت. جگە لەوەی کە هەندێك نەخۆش هەیە ئاســـتێکی وەهای رۆشـــنبیری نییە رەنگە لەگەڵ پزیشـــك بکاتە دەمەقاڵێ و هەندێکجار دەستدرێژیش. بۆیە داوام ئەوەیـــە لەلایەنی پێوەندیدار چاو بەم لایەنەدا بخشـــێنێتەوە و چارەســـەرێکی بۆ دابنێن و کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری لەسەر ســـاز بکەن، تاوەکو پێوەندی نێوان نەخۆش و پزیشـــك پێوەندییەکی ئینســـانیانە بێت و هـــەردوولا ڕێز لە مـــاف و ئەرکەکانی یەکتر بگرن.



**د.موعتەز حمادی: نابێ زێدەڕەوی لە پێوەندی نێوان پزیشك و نەخۆشدا بکرێت**

**د.شێروان حوسێن: پێش ئەوەی پزیشك دابمەزرێت پێویستە فێری هونەری چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ نەخۆش و کەسوکاری بکرێت**

**نەخۆشێك: سەردانی پزیشکێکم کرد تا ماوم سەردانی ناکەمەوە، چونکە خۆی لێتوڕە کردم**



بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com